حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان و هەڵسەنگاندن
بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان

ISO 9001:2015

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للأمتحانات و التقويم
مديرية الامتحانات

ژمارە: MOEK-DEX 23 /　　　العـدد: ١٦٠٧١

ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی　　　التأريخ: ١٧ / ١٠ / ٢٠٢٢

دەرکردە

**بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی: هەولێر – سلێمانی - دهۆک- هەڵەبجە- گەرمیان-راپەڕین-سۆران-زاخۆ – ب.خوێندنی کوردی لە کەرکوک**

**ب/ ڕێنمایی**

ئاماژە بەبڕیارەکانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتی پەروەردە لە ڕێکەوتی(٢٠٢٢/٣/١٥) و فەرمانی وەزارەی ژمارە( ١٣٨) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٣/١٧)بڕیاردار، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣ )بەدواوە دابەشکردنی نمرەی پرسیار و هەڵسەنگاندنەکان لە گشت قوتابخانە حکومی و ناحکومییە خۆماڵییەکان بەو شیوەیەی خوارەوە بێت :

١- لە پۆلەکانی(٤-٨) ی بنەڕەتی و (١٠ و ١١) ی ئامادەیی، تاقیکردنەوەی نیوەی وەرزی و کۆتایی وەرزەکان و هەڵسەنگاندنەکان بە ڕێژەی (٨٠%) بۆ پرسیارەکانی نووسینەکی(وتاری-مقالی) و ڕێژەی (٢٠%) بۆ پرسیارەکانی(بابەتی-موضوعی) دەبێت.

٢- ناوەرۆکی پرسیارەکانی نووسینەکی(وتاری-مقالی) و (بابەتی-موضوعی) دابەشکاری نمرەکانیان لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی وەرز و کۆتایی وەرزەکان بۆ ئەو پۆلانەی لە خاڵی(١) ی سەرەوەدا دیاریکراوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەبێت :

| ز | ناوەرۆک | تاقیکردنەوەی نیوەی وەرز ٢٠نمرە | تاقیکردنەزوەی کۆتایی وەرز ٦٠ نمرە |
|---|---|---|---|
| ١ | پێناسەی چەند وشەیەک(مصطلح)<br>هۆی ئەمانە چین<br>ژماردنی چەند خاڵێک و باسکردنیان<br>ڕێنووس<br>وەڵامدانەوەی پرسیار بە شێوەی نووسین<br>باسکردن و شیکردنەوەی بابەتێک<br>هەر شێوە پرسیارێک کە خزمەت بە ئامانجەکانی بابەت بکات | ١٠ نمرە | ٣٠ نمرە |
| ٢ | ڕاست و چەوت و ڕاستکردنەوەی چەوتەکان<br>پڕکردنەوەی بۆشایی بە ووشەی یان چەند ووشەیەکی گونجاو<br>جیاوازی نێوان دوو بابەت<br>بەیەکەوە بەستنەوەی وشەو زاراوەکان | ٦ نمرە | ١٨ نمرە |
| ٣ | هەڵبژاردن | ٤ نمرە | ١٢ نمرە |

٣- لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی خوارەوە (١٠) نمرەی هەڵسەنگاندنەکان لە لایەن مامۆستایانی بابەتەوە دەدرێت بە قوتابیان/خوێندکاران و (لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی هەر بڕگەیەک ،ئەوا دەبێت نمرەکەی بخرێتە سەر بڕگەکانی تر)

## أ- قۆناغی بنەڕەتی :

| ز | ناوەرۆک | نمرە |
|---|---|---|
| ١ | بەشداری لە چالاکی پۆل، ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەوە هەیە. | ٢ |
| ٢ | ئەنجامدانی کاری کرداری(عملی) بە پێ بابەت و قۆناغ | ٢ |
| ٣ | هەڵسەنگاندنی زارەکی لە پۆلدا. | ٢ |
| ٤ | تاقیکردنەوەی کیوز | ٢ |
| ٥ | پاراستنی هێمنی پۆل و پاک ڕاگرتنی ژینگەی قوتابخانە و ئامادەبوونی قوتابی/خوێندکار لە پۆلدا | ٢ |

ژمارە : MOEK-DEX 23 / العـدد: ١٦٠٧١
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی التأريخ: ١٧ / ١٠ / ٢٠٢٢

دەرکردە — بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان — حکومەتی هەرێمی کوردستان

**ب- قۆناغی ئامادەیی :**

| ز | ناوەرۆک | نمرە |
|---|---|---|
| ١ | تاقیکردنەوە بە ڕێگەی کیوز | ٢ |
| ٢ | بەشداری لە چالاکی پۆل، ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەوە هەیە. | ٢ |
| ٣ | ئەنجامدانی کاری کرداری(عملی) بە پێ بابەت و قۆناغ لە تاقیگە یان گەشتی زانستی | ٢ |
| ٤ | نووسینی ڕاپۆرت (تقرير) لە وەرزی یەکەم یان دووەم و لە نمرەی هەڵسەنگاندنەکان نمرەی بۆ تەرخان دەکرێت. | ٢ |
| ٥ | پاراستنی هێمنی پۆل و پاک ڕاگرتنی ژینگەی قوتابخانە و ئامادەبوونی قوتابی/خوێندکار لە پۆلدا | ٢ |

٤- لە کاتی هەڵسەنگاندنەکاندا، لە بازنەی یەکەم لە پۆلەکانی(١-٣) ی بنەڕەتی گرنگی تەواو بدرێت بە بەرزکردنەوەی توانا و کارامەیی نووسین و ڕێنووسی قوتابی/خوێندکار بە هەمان ڕێژەی دیاریکراو لە خاڵی (١)ی سەرەوەدا.

٥- لە بازنەی یەکەم پۆلەکانی(١-٣) ی قۆناغی بنەڕەتی بۆ هەر هەڵسەنگاندنێک کە (٢٥) نمرەی لەسەرە، بە پێی ئاستی پۆلەکە بڕگەکانی خاڵی(٣)ی سەرەوەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت

٦- لە پۆلی(٩) ی بنەڕەتی و (١٢) ی ئامادەیی پرسیارەکانی نیوەی وەرز و کۆتایی وەرزەکان وەک ساڵانی ڕابردوو دەمێنێتەوە بە ڕێژەی (٥٠%) بۆ پرسیارەکانی نووسینەکی(وتاری و بابەتی ) و ڕێژەی(٥٠%) بۆ پرسیاری هەڵبژاردن.

٧- سەرجەم پرسیارەکان لە ڕووی پسپۆڕی و پرۆگرام و ناوەرۆکەوە جیاوازن ، بۆیە بابەتی (بیرکاری) لەسەرجەم قۆناغ و پۆلەکاندا پرسیارەکانی نیوەی وەرز و کۆتایی وەرزەکان وەک ساڵانی ڕابردوو دەمێنێتەوە.

٨- سەرپەرشتیارانی هاوڕێی ڕەخنەگر بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەو نووسراوە دەکەن دوای ئەنجامدانی هەر تاقیکردنەوەیەکی نیوەی وەرز و کۆتا وەرزەکان.

نورالدين عثمان سعيد
بەڕێوەبەری گشتی

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی بەڕێز وەزیری پەروەردە ..لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ..بۆ بەدواداچوون..لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان ..بۆ بەدواداچوون..لەگەڵ ڕێزدا
- ب.ئەزموونەکان.لەگەڵ هاوپێچ.
- خولاو